# کۆمۆنیستی کرێکاری ناوی خۆی دەگۆڕێت..

Ebas SHIWAN
a.shiwan@kurdpost.com

بە پێی بانگەوازێکی ڕێکخراوی Finland ی حککع لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 02.4.6 بە ئامادەبوونی دوو بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوە، کە پێکهاتبوون لە Xesrew Saye و Shemall Elî کۆنفرانسی ساڵانەیان لە شاری HELSINKI چێکرد.




ماوەی سێ دەم زیاتریان بۆ قسەوباس لەسەر کێشەی هەستیاری ئێستای Iraq بەیشەوە Kurdistan تەرخان کرد. ژمارەیەك خەڵکی دەرەوەی خۆیان بانگهێشت کردبوو.

وەك هەمیشە و بۆتە نەریتی کارەکانی جالییەی کوردی، یەك دەم لە کاتی دیاریکراو دواکەوتن ڕوویدا ! داوای لێبووردنیان کرد.

خاتوو Alla Fereċی کارگێری کۆر لە پەیڤێکی کورتیدا باسی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکە کرد. هەروەك بڕیار بوو دواهەمین بەش بۆ باسێکی Saman Kerîm لەسەر کێشەی فەلەستین تەرخان بکرێت، بەڵام بەهۆی درێژەکێشان و گەرموگوڕی گفتوگۆکانەوە، خۆشبەختانە فەلەستین وەلانرا.

باسەکەی X.Saye لە ژێر ناونیشانی: (هەرەشە و سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمەریکا و سیاسەتی ئێمە) دا بوو.

لەماوەی زیاتر لە سێ دەم و سێ کەرەت بیروبۆچوونەکانی بۆ ئامادەبووان خستە ڕوو. ئەمەی لای خوارەوە هەڵبژاردە و پەیڤە دانسقەکانی خاوەن باسە :

– کوردستان بە کردەوە لە ئێراق جیایە.

– سەرکردایەتی سیاسی کورد دەڵێن : ئێمە قەت بیرمان لە دەوڵەتی کورد نەکردۆتەوە، بۆیان هەڵبەستووین !!!

– ناسیونالیستانی کورد هێزی حاشییەین و دواکەوتووترین جۆری ناسیونالیزمە.



– کوردستان ئەرازی مەترووکە و کاروان سەرایە.

– پرۆسەی ئاشتی نییە، بەڵکوو پرۆسەی تەوافقی ئەو دووانەیە (یەکێتی و پارتی) لەسەر مەسەلەی دەسەڵات.

– ئەمەریکا هیچ گرێنتی نەداوە بەو دوانە (پارتی و یەکێتی) کە ئایا کوردستان جیا دەکاتەوە، چارەنووس نارۆشنە ؟!!؟

– لەڕیفراندۆمێکدا خەڵکی کوردستان بڕیاری بۆ یەکیتی و پارتی دەرنەکردووە تا بچن لەگەڵ فلان و فیسار دەولەتی دراوسێ پەیوەندی ببەستن.

©Kurdistan Net

– پارتی و یەکێتی سیایەتی نان کرین بەنرخی ڕۆژ دەگوزەرێنن !!

– دیار نەکراوە چ جۆرە فیدرالیەتێکیان گەرەکە ؟

– ئەگەر دنیا و هەرێمەکە ناخوازێ، یەکێتی و پارتی کەی تەعەهود بە ئێمە دەدەن دەوڵەت دامەزرێنن ؟

– تا پەنجا ساڵی تر چاوەڕوان بین ؟ من گرێنتیتان دەدەمێ هەرگیز ئێران و ئێراق ئەوانی تر ڕازی نابن کورد ببێتە دەوڵەت.

– خەڵکی کوردستان هیچ کەمتر نییە لە کوێت. خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانتدا هیچیان لەوانە کەمتر نییە کە دەوڵەتن.

– تەرحی سەربەخۆیی نەخراوەتە بەردەم هیچ دامودەزگایەکی نێو دەوڵەتی ؟!

= یەکێتی و پارتی بە سەر دامودەزگای پێش خۆیان نیشتوونەتەوە ؟

– مەرایی بۆ ئیسلامی دەکەن و خۆشیان ماهییەتیان کۆنەپەرستانەیە لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەردوولادا ئایەتی قورئانیان هەڵواسیوە، ئەگەر هێزیك بۆ خۆی ئازادی نەخوازێ، ئەبێ چی بۆ خەڵکی ئێراق پێ بێت ؟! بەکردەوە عیلمانیی نیین.

– گەر بتەوێت یاسا بگۆر لە کوێی بیگۆری، لە هەلەبجەی ئیسلامییەکان یان لە سلەیمانی یان لەهەولێردا ئەو داوایە بەرامبەر کێ بەرز بکرێتەوە ؟! لای هەرکامیان بەرز بکرێتەوە ئەوی تر عاجز دەبێت !!؟

– پێم خۆشە مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی سەرۆك و جێگیری یەکتری قەیناکا کوردستان بن.

– ئەو سەرۆکانەی لە چاڵە نەوتییەکانی کەنداوی عەرەبیدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە لە سەرکۆکەکانی ئێمە بەرزتر نیین.

– یەکێتی و پارتی وەك بەعس نیین، من دەمەوێ ئەوان دەوڵەت دامەزرێنن، ئەوان بەکردەوە عیلمانیی بن.

– خەڵکی کوردستان ئەوەندەی شارەزای و پسپۆری سیاسی تیادایە ئەوەندەیش هێزە هەیە کە دەوڵەت دابمەزرێنێ و خۆ بەرگری لێبکات رابیگری و پەرەی پێبدات، خەڵکی کوردستان لە پارتەکانی زۆر مەدەنی تر.




– ئێمە بەنجاساڵە خەریکی خەباتین هێشتا داوای فیدرالی دەکەین !؟

– لە کوردستان دەوڵەتی سۆسیالیستیم ناوێت دەوڵەتێکی مۆدێرنم گەرەکە.

– ئەو کاریکاتێرە لە عێراق یەك وەزارەتی ئەوقاف هەیە، کەچی لەکوردستان دوو وەزارەتی ئەوقاف هەیە !؟

– یەکێتی و پارتی بۆیە گرنگی نادەن بە لایەنی ئابووری چونکە هەقی حاکمیەت لە کوردستان نەبڕاوەتەوە.

– بەرە چەپ کام چەپ ؟ بۆ ئەو کارە پێمان باشە لەگەڵ خەڵکی عیلمانی و ڕۆشنبیراندا بەرە ساز بکەین ئەو بەرەیەش بۆ پارێزگاری یە لە عیلمانیەتی کۆمەڵگا.

– من کوردم لە کورد بوونی خۆم ئینکاری ناکەم.

– هیچ ئومێدێك بە ئۆپۆزسیۆنی ئیراقی لەسەر مەسەلەی کورد ناکرێت.

– باس کردنی دیموکراتی لە رەوشی ئێراقدا زۆر کۆنەپەرستانەیە.

– سیناریۆی لێدانی ئەمەریکا ئەوە بووە، کە تەر و وشکی پێکەوە سووتاندووە... لێدانی ئێراق، فەوزای کۆمەڵایەتی دێنێ و ئیسلامی سیاسی زیندوو دەکاتەوە، ئەوە هەلەی کەمە کە خەڵك دەتوانن تەنەفوسێکی تیا بدەن، ئەوەیش ناهێڵن.

– لێدانی ئێراق بە زەرەی خەبات بۆ روخانی بەعس دەکەوێتەوە.

– لە ئێراقدا فرسەتی خەبات کردن لە دژی بەعس هەیە و ماوە.

– فلان هێز ئەوەندە کورسی و فلانی تر ئەوەندە کورسی ئەمە دیموکراسی نییە ئەمە پۆلاریزمی سیاسییە.

= لەبەرانبەر رژێمی بەعس دیموکراتیم پێباشە و لەژێر سایەی ستاندارێکی مەدەنی، ریعایەتی یو ئێن بێت باشە.

– کۆمەڵگا و دەوڵەتێك قەیناکا بسەرمایەداری بێت. بەلام، مۆدێرن بێت و مافە مەدەنی و... تیا پارێزراو بێت.

– ئۆپۆزسیونی ئیسلامی لە ئەورووپاشدا نایەڵێ ژن بەبێ حیجاب بچێتە سیمینارەکانیانەوە، وەك ئەوەی نەیانهێشت لە لەندەن ئالا فەرەج بچێتە ژوورەوە.

– معارەزەی ئێراقی ئەگەر ستاندارێك بۆ پێوانەکردنی هەقی معارز بوون هەبوایە ماعەدا **پارتی کۆمۆنیست – شیوعی** هیچیان موستەهەقی ئەو ناوە نیی ن.

ئەڵێ معارەزەی ئیسلامیم بەلام بەعس لەو باشترە.

= **پارتی کۆمۆنیستی– شیوعی ئێراق** مودەعی گرتنە دەسەتی حاکمیەت نیین.

لە دوو کاتی جیاوازدا، ئامادەبووان ئاخافتنیان کرد. ئەمەی لای خوارەوە پوختە و هەڵبژاردەی بیرو و بۆچوونەکانیانە:

**محەمەد خورشید کەرکوکی:**

– سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئەڵێن لەم کاتەدا لە رەوشی سیاسی ئەم سەردەمەدا، ئێمە ناتوانیین باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین... هەقی خۆمان وەك کورد داوای ماڤ سەربەخۆیی خۆمان بکەین.

– دامەزراندنی دەولەتی کورد لە کەش و هەوایەك کە حساب بۆ کاریگەرییەکانی دەوروبەر و دنیای تیا نەکری، دروست بوونی وەك ئەوەی بەعس دەردەچێت کە ژیانی خەڵکی کردووە بە دۆزەخ، ئەوەشی هەبێت لەدەست دەدرێت.

– دابەزینە سەر پارتەکانی کوردستان وەك ئەوەی گوایە بەعسی کوردستان بن، ئەوە بۆ من جێی گومانە !؟

– پشتگیری لە مانەوەی ئێراق ودەربرینی نارەزایەتی لە دژی لێدانی، دووبارە جێی گومانە !؟

– ئەفگانستان و ئێراق جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، هەردوو لا دوژمنی سەرسەختی ئازادییەکانی تاکی و کۆی نێو کۆمەڵگان.

**خەسرە پیربال:**

– ئێوە خاوەن پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتین،... شوێن پێیەکتان لە کوردستان هەبێت و بەشداری لە بڕیای سیاسسدا بکەن. بەوەی سیاسەت و ستراتیجی خۆتان کەمێك بگۆڕن تا بتوانن تەعامل بکەن لەگەڵیاندا هەڵبکەن و بژین.

– لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی بڕیاری سیاسین بۆیە بە شێوەیەکی کەم سەیری مەسەلەکان دەکەن.

– ئەوەی دەستی لە ناو ئاگر بێت جیاوازە وەك لەوەی دەستی لەئاودا بێت

©KurdistanNet

www.kurdistannet.org
12/04/2002 22:34

– بەرانبەر ئەزموونی کوردستان ناهەقی لە منالْ و خۆتان و کەس و کارتان دەکەن

ئەوی لە کوردستان هەیتمان ناکاملە یەك شتی باشت لەبەرژەوەندی کوردستان باس نەکرد هێچ نەبوایە لەبەر خاتری من !!؟؟

– بەو تەرحە توندانەتان نەك لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی، بەڵکوو لەگەڵ هیچ خێزانی کورد لە فینلەند ئیدارە بکەن !؟

– خویندنەوەیەکی پچرپچرتان بۆ سیاسەتی پارتی یەکێتی هەیە.

– یەکێتی هەمان سیاسەتی پارتی هەیە، بەڵام پارتی سیاسەتی تەکتیکی نییە.

– یاساکانی کوردستان هی سەردەمی بەعسە و وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام واز هێنانیش فەوزا دروست دەکات و بەیەك جار ناگۆررێت، دەبوایە ئەو دە ساڵە زۆر شت بکرایە... کورد تەمەڵ بووە و کەمتەرخەمی کراوە...داواکاری چێکردنی دەستوور و یاسایەکی کوردستانی داوایەکی بەجێ و رەوایە.

– لەمەسەلەی رووخاندنی رژێم ئێوەیش وەك پارتی یەکێتی شت دەشارنەوە و باسی هێچ ناکەن.

– لابردنی گەمارۆ رژێم جارێکی تر بەهێز دەکاتەوە.

– ئەوە گەمارۆ ئابووری نییە منالْی عەرەبی ئێراقی دەمرێت ئەی بۆ منالانی کوردستان لەبەر هەمان هۆ نامرن؟

– لێکچواندن و بەراورد کردنی نێوان وڵاتانی ئەورووپی بە کوردستان نادروستە.

**عەباس شوان :**

– لەم کێشەیەدا ئەوەی مەبەستەمە رەوشی کوردە، لەوانەیە چارەنووسمان وەك تۆزی نێو درکەکەی لێبێت، عێراق پێکهاتەیەکی نا تەواوی هەیە، لەسەرەتای پێکهاتنییەوە کەسێك نەبوو شایشتەی سەرکردایەتی وڵاتەکە بێت، کابرایەکی بێگانەیان بە پاشای کرد. لەو کاتەیشەوە حوکم بۆ تایەفەیەکی دیاری قورغ کراوە ! هەمیشەیش هێزە سیاسییەکان بە چەپ و راست و ئاییینی و مولحیدیانەوە – بە کۆمۆنستی کرێکاریشەوە – مەرجەعیەتیان بێگانە و دەرەوەی وڵاتەکە بووە، خەڵکی تەحەکومیان بە عەقلیانەوە کردووە !!؟؟

– کورد لەنێو ئەو هەموو کێشمەکێشانەدا تاك باڵە لەژێر فشاری دەوڵەتە دراوسێکانی و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیەکان و زۆری تر. جا وەرە لەم نێوەدا حکوم بکە، بەراستی ئەوە فشارەی لەسەر کوردستانی باشوو هەیە لەسەر هیچ کەس و دەوڵەتێکی تر نییە.

– کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆمان گەرەکە و ئەم تەرحەش هەڵهێنجاوی فیکری خۆتان نییە، بەڵکوو وێرای ئەوەی بە ئیستعارە لە مەنسووری حکمەت وەرتان گرتووە، لە هەمان کاتدا مزایەدەی سیاسییە ! گوایە هێزە کوردییەکان سەرەبەخۆییان ناوێت. بەڵام، ئەوان وەك لەمەوبەر ئاماژەم پێدا لەژێر فشارێکی هەمەلابەنە کە قابیلی تەحەمول نییە، تەرح کردنی ئیدەیەکی وا لەنێو ئەو هەموو فشارەدا تۆزت بەبادا دەبەن.

– تەرحی دەوڵەتی نا نەتەوەی و نا ئایینی ئەلتەرناتیفێکی نارۆشنە !

– هەر ئێراق ئێراقتانە و هەموو کرێکارین و برای یەکترین بەبێ ئەوەی چاو لە تایبەتمەندی هێزە دەرگیرەکانی ساحەس سیاسی ئێراق بدەن !!

– لەو خاڵەدا لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردی یەك دەگرنەوە و مخالەفەتی خۆتان بەوە دادەپۆشن کە گەایە خوازیار ی گۆرانکاری ریشەیین لەئێراقدا !

©Kurdistan Net

– تەرح تەنیا بۆ جیابوونەوەی کوردستانی باشوور دەکەن ئەی بۆچی بۆ ئەوانی تریش هەمان تەرح ناخەنە بەر دەست ؟

– دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانتان بەلاوە چۆنە ؟

**سالار سۆڤ :**

– لایەنگریتان لە لێدانی ئەفگانستان کرد و بەلاّم، بۆ ئێراق بە پێچەوانەوە. ئەوەیش لەگەورەترین هەڵەتانە !!

– پێویستە لێدانەکە دەست نیشان بکرێت، ئایا لە خەڵکی ئێراق یان لە دامودەزگا سەربازییەکان بدرێت. لێدان و نەمانی بەعس خزمەت بە خەڵکی ئێراق دەکات.

– ئەگەر گەمارۆیەك لە پێناو چەك کردنی ئێراق بێت پێم باشە، بۆیە دروشمی لابردنی گەمارۆ لێکدانەوەی زیاتری گەرەکە

– ئەگەر ئێوە دەسەلاّتی عێراقتان گرتە دەست، ئایا پێتان باشە خەڵك لەسەر بناغەی نەتەوە و رەگەز جیابکرێتەوە و کوردستان سەربەخۆ بێت ؟؟

– دروشمی ریفرانۆم بۆ کوردستان مەبەست تەنها لەو سێ شارەیە یان ئەوانی ژێر سایەی داگیرکەر نا... من خەڵکی کەرکووکم کوردستانێکم قبول نییە نەتوانم بچمەوە خانووەکەی خۆم.

– پێکهینانی کوردستانی سەربەخۆ بە بێ پشتیوانی ئابووری و پشتیوانییەکانی تر گرێنتی مانەوەی زۆر لاوازە.

– هەموو بەدیلەکان رەتدەکەنەوە خۆشتان ئەلتەرناتیڤتان نارۆشنە و دەتانەوێت رەوشەکە وەك خوی بمێنێتەوە !!

– لەکاتێکدا ئێوە لە گێژاودا دەژین بۆچ پەناتان نەبردۆتە بەر پێکهێنانی بەرەیەکی چەپ ؟

– سەرکردایەتی سیاسی کورد بە ئاشکرا دەڵێ گەر ئەمەریکا هەر کارێك بکات ئێمە هیچمان پێناکرێ.

– کورد خۆی ساغش نەکردۆتەوە بۆیە تا ئێستا دەستی بۆ گۆرینی یاساکان باری کۆمەلاّیەتی نەبردووە !!

– کۆمۆنیستی کرێکاری لە تەوەقوعی کەسدا نییە، بتەنیا هیچی پێبکرێت.

– کۆمەڵێ نیشانەی پرسیار لەسەر بۆچوونی رابردووی ئێوە هەیە دەربارەی کورد و کوردستان.

– لەبەر خاتری ئێراق داوای دامالّ چەك لە هەموو دنیا دەکەن، ئەوە دروستە بەلاّم، بەردی قورس نیشانەی هەڵنەگرتنە.

**تێبینییەکان**

– **رێبوار عارف** و **شەمالّ عەلی**ش بۆ دەوڵەمەند کردنی باسەکەی **خ. سایە** بەدەوری خۆیان قسەیان کرد.

– لەوەلاّمدانەوەی یەکەمدا تۆن یان نبرەی دەنگی خەسرەو نێرانە و کەمێك توند بوو بە گشتی و تێپەری خۆی دا لەو مەسەلانەی کە میوانەکان وروژاندیان. بەلاّم، لە دووهەمین جاری وەلاّمدانەوەدا تۆنی دەنگی نۆرمالّ بووەوە.

– **سالار سۆڤ** نەك تێبینی قسەی لەسەر بۆچوونەکانی خاوەن باس دەربری، بەڵکوو لەپەرێزی خۆی دەرچوو پەرییەوە بۆ سەر قسەی میوانەکانی هاورێ !

– هێچ کام لە پارتە سیاسیەکانی باشوو و رۆژهەلاّتیان بێجگە لە نوێنەرانی **پارتی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران** بانگ نەکرا بوون !

©Kurdistan Net

– له دایڵۆگی نێوان ئامادەبووان و خاوەن باسدا، ئێراق فەرامۆش کرا، بووە ململانێی نێوان تەوژمە سیاسییەکەیان و کێشەی کورد و کوردستان.

– خ. سایە هەندی وشە و دەستەواژەی لە ئاخافتنەکانیدا بەکار دەهێنا کە زیاتر کوردانە و نوێ بوون و جیاواز بوو لەگەڵ فەرهەنگە ئەنتی ناسیونالیستیانەی خۆیان.

– بە ناشکوری بێت، دیاریدەی بەسەرکردە بوون لەنێو سەرکردایەتی سیاسی کورد بە چەپ و کۆمۆنیست و کۆمۆنیستی کرێکاری و راست لە کۆن و نوێدا بۆ شێخزادە و مەلازادە وبەگزادە و دەوڵەمەند و وەزیر و گزیر قورخ کراوە بەڵام هێندەی من بزانم خ. سایە لە رەگی ئەو تاقمانە هەڵنەتۆقیوە و کرێکارزادەیە.

**02.4.11**

©Kurdistan Net